# وتووێژێك لەبارەی ئازادیی بڵاوكردنەوەوە

## كامیل ژیر

**ئێوارەی 19/10/2010 ئەم ئیمێلەم لەسایتی سبەی/گۆڕانەوە بۆهات:**

**سلاو كاك كامیل**

**ئەگەر ئەزیەت نەبێت بابەتێک کە بۆ شوێنیترت نارد، بۆ ئێمەی مەنێرە. بابەتی پێشووت لەچەند شوێنێک دابەزیبوو، بۆیە نەمانتوانی بڵاویبکەینەوە.**

**منیش ئەم وەڵامەم دانەوە:**

ئێوە ئارەزووی خۆتانە و ئازادن. ئێستا واباوە نووسینەکان بۆ چەندین هۆکاری راگەیاندن ئەنێردرێت. هۆی ئەوەش ئەوەیە هەر میدیایەک خوێنەرەوەی خۆی هەیە. مەرج نییە چل ملیۆن کورد هەمووی سبەی بخوێنێتەوە. ئێوە بەم رایە تەنیا زیان بەخۆتان ئەگەیەنن. منیش بۆ پووڵوپارە نانووسم. تەنیا ئەمەوێ زیاترین کەس سوودوەرگرن. ئێوەش ئازادن، منیش ئازادم.

**وەرامی وڵامەکەم بەمجۆرەبوو:**

**سڵاو كاك كامیل ژیر**

سوپاس بۆ وەڵامەکەت. بەڵام ببوورە لای ئێمە ئەوە ریسایە ناتوانین بابەتێک بڵاوبکەینەوە کە لەشوێنیتر بڵاوبووبێتەوە. داوای لێبوردن ئەکەین، رێزمان هەیە بۆ جەنابت.

منیش رێزم هەیە بۆ سایتی سبەی. دووبارەی ئەکەمەوە ئەوان ئازادن و من هیچ زۆرێکم نییە. تەنیا هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو (ریسا) یەی سبەی ئەکەم. ئەوەش ئەڵێم کە پێش ئەم وتووێژە ئەمویست شتێک لەو بارەیەوە بنووسم. ئەم وتووێژە هەلەکەی رەخسان.

ئێستا لەگەڵ چەمکی ئازادی و بەجیهانیبووندا، سەردەمی ئەوە نەماوە نووسەری ئازاد پاوانبکرێت، یان سنووری بۆ دانرێ، یان نووسینەکەی قۆرخکرێ بۆ تەنیا لایەک یان بۆ ژمارەیەک خوێنەرەوە، مەگەر نووسەری دەربار، یان نووسەری بەپارەنووس... چاوەڕوانی ئەو وەڵامی دووەمە نەبووم. وەڵامەکەی من بیرەبەستەڵۆکەکانیش ئەهێنێتە باوەڕکردن. نووسینی نووسەرێک بەنان و ئاوو

جلوبەرگی خۆیەوە، خۆیبخاتەبەر مەترسیی ئەو دەستەڕەشانەی لە سۆران و سەردەشت وەشێنران، بۆچی ئەبێ پاوانبێ بۆ تەنیا خوێنەرەوەی یەک سایت و خوێنەرەوەی میدیاکانی تر لێیبێبەشبن؟!

ئەو ریسایەی سبەی ئاماژەی بۆ ئەکات لەچ پەرلەمان و لەچ کۆنگرەیەکی گۆرانەوە رەوایەتیی وەرگرتووە؟ ئەو گۆڕانەی کە لەئەنجامی گەندەڵیی بتەکانەوە جەماوەری سەربەخۆ ٢٥ کورسی پێبەخشی نەک لەسوارچاکیی کۆنەبتەکانەوە. ئایە ئەو ریسایە جۆرێکنییە لە دەرەبەگایەتیی بیر؟ لەخۆباییبوون و کورتبینی و رەفتارستالینی؟ ئایە ئەمە هاوکێشەی (یاکۆیلەکردنی نووسەر یا تەرەکردنی) نییە؟ ئافەرین بۆ لاوی ئازا **سەباح عەلی قارەمان** کە لەوتارێکدا ئەڵێ: **"ئایا نەوشیروان مستەفا بەم عەقڵانەوە دڵێ خۆشە و ئەیگۆڕێ؟)**. وێنەکانی سەباح و هاوبیرانی کوردایەتیی، مافی خۆیانە ئەم جۆرە پرسیار و گلەییانە بکەن، چۆنکە بڕێکی قورساییەکەی گۆڕان لەهەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرشانی ئەوانبوو بەمەبەستی ئەفراندنی بەرهەڵستکارییەک لەپەرلەماندا، نەک لەبەر خاتری خاتران، یا وابەستەبوونێکی پارتایەتی. ئێمە ئەوساش نەبەسترابووینەوە بە گۆڕانەوە. ئێستەش کە گۆڕان بووەتە خاوەنی ریسای لەوجۆرە، ئەوە زیاتر ئازاد و سەربەخۆین و، دەمێکە نەفرەتمانکردووە لەپارتایەتیی. ئەو پارتایەتییەی لەڕۆژهەڵاتی گێتیدا جگە لەکۆمپانیای بازرگانی و مافیایەتی چیترنییە. هەرچۆنێبێ من باکم نییە لەبڵاونەکردنەوەی بابەتێکم لەهەر جێگەیەک.

**مەبەستم لەم روونکردنەوانە ئەوەیە: باشوایە نووسینی نووسەران، بەهی گۆڕانخوازانیشەوە، پاواننەکرێت بۆ تەنیا خوێنەرەوەی لایەنێک. با پەپوولەکانی وشەی رەسەن لەئاسمانیکی ئازاددا بفرن. با گوڵاوپڕژێنی وشەکان بۆ هەموانبێ! بەتایبەتیی لەسایتەکاندا کە ئەگەر خوێنەرەوە بابەتێکی لەسایتێکیکە خوێندبێتەوە، بەکرتەیەک لەسەر ئەو بابەتە لائەچێتو ئەچێتەسەر بابەتێکیکە. ئەوەش نەبۆنووسەرەکە و نەبۆ سایتەکە و نەبۆ خوێنەرەکە زیانی نییە. پێوانە بۆنووسینێک ئەبێ ئەوەبێ، ئایا ئەو نووسینە شیاوی بڵاوکردنەوەیە؟ ئێستا زۆربەی سایتەکوردییەکان ئەو ئازادییەیان بەنووسەران بەخشیوە. کارێکی دروست و بەجێیە و دەستخۆشییان لێدەکەم.**